**ژماره (108)**

**بەروار:2022/11/7**

**ووتەی هەفتانە**

**کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان کارەکانی زیاتردەکاتەوە لە بابەتی بەتواناکردنی ئافرەتان لە رووی سیاسیەوە بۆ ئەوەی مافی خۆیان بەدەست بهێنن لە هەڵبژاردنەکانی ئاینده ئەگەر دەنگدەر بێت یان خۆی کاندید کردبێت ، هەروەها کۆمیسیۆن بەردەوامە لە جێبەجێکردنی پلانی ئستراتیجی لە ئەم باریەوە لە رێگای ئەنجامدانی کۆبۆنەوەکانی سەرۆکی تیم وئەندامەکانی بە ئامادەبووی ئەندامی ئەنجومەنی کۆمیسیاران لە گەڵ بەرێوەبەرِی ئۆفیسەکانی پارێزگاکانی هەڵبژاردنەکان ومیلاکە هۆنەریەکانی بەتایبەتی ئافرەتان ، هەروەها کۆبوونەوەی دووهەمی ئەنجامداوە بۆ تیمەکە لە پارێزگاکانی باشوور (بەسرە ، میسان، موسنی، زی قار،قادسیە) بە ئامادەبووی نوێنەری تیمی نەتەوەیەکگرتوەکان (UNAMI) بۆ گفتوگۆکردن ودۆزینەوەی باشترین میکانزم ورێکارەکان بۆ ئەوەی ببێت بە کاریگەری ئەرێنی لە سەر رێژەی بەشداریکردنی ئافرەتان لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان بە هەموو قۆناغەکانیەوە .**

**هەروەها سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمیسیاران بەشداری کردوە لە وورك شۆپی کار لە مەکسیك ، دەربارەی بەرێوەبردنی هەڵبژاردنەکان ویەکسانی دەسەڵاتی هەڵبژاردنەکان لە عێراق ، هەروەها وورك شۆبەکە چەندین تەوەری لەخۆگرتوە ، وەکو سیستەمە سیاسیەکان وهەڵبژاردنەکان ویەکسانی هەڵبژاردن لە عێراق ومەکسیك.**

**لەبارەی کاری هونەریەوە ، سەرۆکی بەرێوەبردنی هەڵبژاردنەکان بەدواداچوونەوە دەکات بۆ کاری ناوەندەکانی تۆمارکردن لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان لە هەردوو پرۆسەی تۆماری بایۆمەتری ئەو دەنگدەرانەی کەوا تۆماری بایۆمەتریان ئەنجام نەداوە ، و وەرگرتنەوەی کارتی بایۆمەتری ، کۆبۆنەوەکەی ئەنجامدرا لە گەڵ بەرێوەبەرەکانی ناوەندەکانی تۆمارکردن لە بەغداد /رسافە بەئامادەبوونی جێگری ئیداری ودارایی وبەرِێوەبەری ئۆفیسەکەی وجێگری هونەری و ژمارەیەك لە بەرپرسی هۆبەکان ورێکخری بازنەی هەڵبژاردنەکان وراهێنەرە سەرپەرشیارەکانیان ، بۆ وەستان لەسەر کارەکانیان وئاسانکردنەوەی کاری پێشوازیکردن لە دەنگدەران ، وبەرێکردنی تیمی گەرِۆك لە دەزگا وفەرمانگا حکومیەکان ، وگرنگی دان بە ئەنجامدانی زیادەکردنەوەی رێژەی لاوان لە لەدایکبووە نویەکان بۆ تۆمارکردنیان ، هەروەها دەستخۆشی کرد لە چەند بەرێوەبەری ناوەندەکانی تۆمارکردن بۆ ئەو ئەرکەی کەوا ئەنجامیان داوە لە پلەی یەکەم لە رِاپۆرتەکانی تۆمارکردنی بایۆمەتری بۆ مانگی ئیلولی رِابردوو ، ، هەروەها ژمارەی دەنگدەرە تۆمارکراوەکان گەیشتوەتە(381.116) دەنگدەری لە گەڵ هاندان بۆ وەرگرتنی کارتی بایۆمەتری کەچی رێژەی کارتەدابەشکراوەکان گەیشتوەتە (91.556 ) کارت هەروەها (549.747)بۆ دەنگدانی گشتی و( 425.660)کارت بۆ دەنگدانی تایبەت ئامەرازەکانی پاراستن وهیزە چەکدارەکان بەڵام کارتی ئاوارەکان وراگوێزراوان گەیشتوەتە ( 41.694) کارت، بە ئامادەبوونی چاودێری خۆماڵیەکان کەوا ژمارەیان دەگاتە (1.449)چاودێر ، هەروەها (234) بریکاری حزبی سیاسی**

سەردانی ناوەندیان کردوە ، بۆ ئەوانەی کەوا گرنگی دەدەن بە هەڵبژاردنەکان دەتوانن سەردانی ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی فەرمی کۆمیسیۆن بکەن https://ihec.iq/biometric-registration .

لە لایەنی ئەمنیەوە بۆ زیادەکردنی هاوکاری لە نێوان سەرکردایەتیە پرۆسەیەکان وکۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان ، بەرێوەبەری ئۆفیسەکانی هەڵبژاردنەکان لە پارێزگاکان وبەرپرسەکانی هۆبەکانی رێکخستنی ئەمنی لە ئەو پارێزگانە ، بە پەیوەندی کردن لە گەڵ دەزگا ئەمنیەکان لە رێگای ئامادەبوون لە کۆنگرەی ئەمنی بۆ سەرکردایەتیە پرۆسەیەکان لە پارێزگای دیالە هەروەها لەرێگای سەردان ودیدار لە گەڵ سەرکردایەتیە پرۆسەیەکان وسەرکردایەتی ئاسایش وجەندین سەرکردەی ئەمنی لە پارێزگای کەربەلای پیرۆز ونەجەف وموسنا ، بۆ گفتوگۆکردنی بارەی ئەمنی تایبەت بە ئۆفیسی هەڵبژاردنەکان پارێزگاکان وناوەندەکانی تۆمارکردن وکۆگا تایبەتەکانی ، وێڕای ئاسانکردنەوەی کاری تیمی گەڕۆك بۆ تۆمارکردنی داتاکانی کارمەندەکانی سەرکردە ئەمنیەکان ونوێکردنەوەیان .

لە بارەی رۆشنبیرکردنەوەی هەڵبژاردنەکانەوە ، ئۆفیسی نیشتیمانی /فەرمانگای راگەیاندن وپەیوەندی کردن بە جەماوەرەوە /هۆبەی پەیوەندیەکانی هەڵبژاردنەکان ، بەهاوکاری کردنی هۆبەی رێکارەکان وراهێنان لە فەرمانگای پرۆسەییەکان ، ندوەیەکی رۆشنبیری ئەنجامدا بۆ سەرکردایەتی دژەتیرۆر ، و سەرکردایەتی بەرگەهۆا ، رێکارەکانی تۆماری بایۆمەتری و وەرگرتنەوەی کارتی دەنگدەران لەخۆی گرت ، هەروەها تایبەتکردنی ژمارەی خۆڕایی (5667) بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی هاوڵاتیان لە ئەم لایەنەوە لە گەڵ چالاکیەکانی هەمان مەبەست لە پارێزگاکانی بغداد/رسافە ، ودیالە ، ونەینەوا ، وبابیل ، وهەولێر .

ووتەبێژی ڕاگەیاندن